# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە ( ١٣٩ ) چاپی یەکەم سالی یازدەم ١٥/کانوونی یەکەم/٢٠١١ زاینیی ٢٤/سەرماوەز/٢٧١١کوردی ٢٠/محرم/١٤٣٢کۆچی

139

لەم ژمارەیەدا :

**یاسای ژمارە ( ١٣ )ی سالی ٢٠١١** — لا ١

یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٧)
بۆ سالی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**یاسای ژمارە ( ١٤ )ی سالی ٢٠١١** — لا ٢

جێبەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە (١٤)ی سالی ٢٠٠٨
لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**یاسای ژمارە ( ٢١ ) ی سالی ٢٠١١** — لا ٣

یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان — عێراق
ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٠٩

**برپیاری ژمارە ( ٢٦-٢٧-٢٨-٢٩ )ی سالی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان — عێراق** — لا ٨

**بەیانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی / ٥** — لا ١٢

**بەیانی وەزارەتی ناوخۆ / ٢** — لا ١٧

**بەیانی ژمارە ( ٣٠ ) سالی ٢٠١١ی وەزارەتی داد** — لا ١٨

ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد..
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩- ٢٢٤٥٥٠٨)
http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٣٩) الطبعة الاولى السنة الحادي عشرة ١٥/كانون الأول/٢٠١١ميلادي ٢٤/سەرماوەز/٢٧١١كوردي ٢٠/محرم/١٤٣٢هجري


في هذا العدد:

139


قانون رقم (١٣) لسنة ٢٠١١ ص ١٩

قانون إنفاذ قانون أصول المحاكمات الجزائية لقوى الأمن الداخلي العراقي رقم (١٧) لسنة ٢٠٠٨ في الاقليم

قانون رقم (١٤) لسنة ٢٠١١ ص ٢٠

قانون إنفاذ قانون عقوبات قوى الأمن الداخلي العراقي رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٨ في الاقليم

قانون رقم (٢١) لسنة ٢٠١١ ص ٢١

قانون التعديل الأول لقانون انتخابات مجالس المحافظات والاقضيةوالنواحي في اقليم كوردستان – العراق رقم (٤) لسنة ٢٠٠٩

قرار رقم (٢٦-٢٧-٢٨-٢٩) لسنة ٢٠١١ برلمان كوردستان - العراق ص ٢٥



No.:139 Date: December, 15 , 2011 Vol.: 11

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.



http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)



السعر ٧٥٠ دينار

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بـەنـاوی گـەلـەوە**

**پـەرلـەمانی كـوردسـتان ـ عێراق**

پشت بە حوكمی برِگەی (١ )لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و، لەسـەر داوای یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلـەمانی كوردسـتان ـ عێـراق لـە دانیـشتی ئاسـایی ژمـارە (٣)ی رۆژی ٢٠١١/٩/٢٦ بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١١**

**یاسای جێبەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگابیە سزاییەكان بۆ هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەكەم:**

جێبەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگابیە سزاییەكانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٧) بـۆ سـاڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق و كاركردن بە حوكمەكانی.

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم:** پیادە كردنی برِگەی(دووەم) لە ماددەی(٢٨) لە یاسای سەرەوە رِادەگـیرێ و ئەمـەی خـوارەوەی لـە جێی دادەنرێ:

(دووەم: وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق لە پێكهێنانی دادگایەك یـان زیـاتر لـە هـەرێم شوێنی وەزیری ناوخۆی فیدراڵ دەگرێتەوە).

**دووەم:** كاركردن بە برِگەی(سێیەم)ی ماددەكە لە هەرێم رادەگیرێ.

**ماددەی سێیەم:**

دامەزراو فەرمانگەكانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەكانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەكان و خاوەن پلـە و پایەكانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێكی یاسایەكەدا هاتبـێ.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی پێنجەم:**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بریار ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەرِبوونی(٣٠) رِۆژ لە رِۆژی بڵاوكردنەوەی لـە رِۆژنامـەی فـەرمی (وەقـایعی كوردسـتان) جێبەجێ دەكرێ.

**یاساكە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەرِبوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی، بە پێی حوكمی برِگەی یەكەم/٢ لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بـەنـاوی گـەلـەوە**
**پـەرلـەمانی کـوردسـتان ـ عێراق**

پشت بە حوكمی بڕگەی (١ )لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٦ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ٢٠١١
## جێبەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق و کارکردن بە ئەحکامەکانی.

**ماددەی دووەم:**

دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و خاوەن پلەو پایەکانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایەدا جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی، بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم/٢ لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ٣٥ ) ساڵی ٢٠١١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ی٢٠٠٥ هەموار کراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١١) لە ٢٠١١/١١/١ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ٢١ ) ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩

**ماددەی یەکەم :**

ئەم برگانە ( شەشەم ، حەوتەم ، هەشتەم ، نۆیەم) دەخرێنە سەر (ماددەی یەکەم) لە یاسایەکە و بەم جۆرەی دادێت :

شەشەم : لیستی نیمچە کراوە : لیستێکە ناوی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی تێدایە ، دەنگدەر بۆی هەیە دەنگ بە لیستەکە و یەکێك لە کاندیدەکان یان تەنها بە لیستەکە بدات .

حەوتەم : لیستی تاك : ئەو لیستەیەکە بە گوێرەی ئەو تاکێك خۆی بۆ هەڵبژاردن کاندید دەکات بەمەرجێك لە لای دەستە تۆمار کرابێت .

هەشتەم : تۆماری بەرایی دەنگدەران : ئەو تۆمارەیە کەناو و داتای دەنگدەرانی تێدایە ، لە لایەن دەستەوە ئامادە دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە بۆ بینینی و پێشکەش کردنی تانە لە بارەیەوە .

نۆیەم : تۆماری کۆتایی دەنگدەران : تۆمارێکە بۆ ناو وداتای دەنگدەران قابیلی تانە لێدان نیە کە لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی پەڵپ گرتن ، بڵاو دەکرێتەوە .

**ماددەی دووەم :**

برگەی (چوارەم) لە ماددەی سێیەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی دادێت دەخوێندرێتەوە :

چوارەم : تەنها لە تۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەی هەڵبژاردنەکەی تێدا دەکرێت تۆمار کرابێت و بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییانەی لە دەستەوە دەردەچن .

**ماددەی سێیەم :**

بڕگەی (یەکەم/٤) لە ماددەی پێنجەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی دادێت دەخوێندرێتەوە:

٤- ڕۆڵەی یەکە ئیدارییەکە بێت و لە تۆماری دەنگدەرانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیشدا تۆمار کرابێت .

**ماددەی چوارەم :**

ماددەی (شەشەم)ی یاسایەکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی دادێت جێی دەگرێتەوە :

ماددەی شەشەم: لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بە گوێرەی لیستی نیمچە کراوە پەیڕەو دەکرێت .

**ماددەی پێنجەم :**

بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی حەوتەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**یەکەم :** دەکرێ خۆ کاندید بکرێت بۆ لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن بە چەشنێك ژمارەی کاندیدەکان لە دوو هێندەی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان کراون زیاتر نەبن .

**ماددەی شەشەم :**

ماددەی (هەشتەم) لە یاسایەکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە :

ماددەی هەشتەم :

**یەکەم :** دەنگە ڕاستەکانی بازنەی هەڵبژاردن کۆ دەکرێنەوە و دابەشی سەر ژمارەی کورسیی تەرخان کراو بۆ ئەو بازنەیە دەکرێن بۆ بە دەست هێنانی دابەشی هەڵبژاردن .

**دووەم :** ئەو دەنگە ڕاستانەی کە لیست لە بازنەی هەڵبژاردندا بەدەستی هێناون کۆدەکرێنەوە و بە سەر دابەشی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێن بۆ دیاری کردنی ژمارەی کورسیی تەرخان کراو بۆ ئەو لیستە .

**سێیەم :** ڕیزبەندی کاندیدەکانی لیست لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر کاندیدێك بە دەستی هێناون ڕێك دەخرێتەوە و ، ئەو کاندیدەی زۆرترین ژمارەی دەنگی بە دەست هێناوە لە پێشەوە دادەندرێت و بەم جۆرە تا کۆتایی لیستەکە ، بە مەرجێك لە نێو هەرسێ کاندیدی لیستەکەدا ژنێك / ئافرەتێك دابندرێت ، بە چاوپۆشین لە ژمارەی دەنگی کاندیدانی پیاو بۆ مسۆگەر کردنی بەدی هێنانی نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتان بە ڕێژەیەك لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت لە کورسیەکانی یەك بازنەی هەڵبژاردندا.

**ماددەی حەوتەم :**

ماددەی (نۆیەم) لە یاسایەکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە :

ماددەی نۆیەم :

**یەکەم :** ئەو دەنگانەی لیست بە دەستیان دەهێنێت بەسەر کاندیدانی لیستدا دابەش دەکرێن کە لەبڕگەکانی (یەکەم و دووەم) لە ماددەی (هەشتەم)ی سەرەوەی یاسایەکەدا هاتووە .

**دووەم :** مەرجە بۆ گەیشتنی لیستی تاك بە كورسیەك بەلای كەمەوە بگاتە دابەشی هەڵبژاردن .

**سێیەم :** كورسی بەتاڵ لە كاتی هەبوونیدا بەسەر لیستەكانی بەشداردا دابەش دەكرێن بە پەیڕەو كردنی ماوەی هەرە بەهێز .

**چوارەم :** لەكاتی یەكسان بوونی ژمارەی دەنگی كاندیدانی سەركەوتوو لە یەك لیستدا ، پەنا بۆ تیروپشك دەبردرێت بە مەرجێك كار لە رێژەی نوێنەرایەتی ژنان / ئافرەتان نەكات .

**ماددەی هەشتەم :**

ماددەی (دەیەم) لە یاسایەكە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە :

ماددەی دەیەم :

**یەكەم :** ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك كورسیەكەی خۆی لە دەستدا كاندیدی دوای ئەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە نێو لیستەكەیدا بە دەستی هێناون ، جێی دەگرێتەوە .

**دووەم :** ئەگەر كورسی بەتال تایبەت بوو بە لیستێك كە كاندیدی نەمابوو یان هی لیستێكی تاك بوو ، كورسیەكە بۆ كاندیدێكی دی لە لیستێكی دیكەدا تەرخان دەكرێت ، بە پەیڕەو كردنی ماوەی هەر بەهێز و بە پێچەوانەشەوە كورسیەكە بە بە تاڵی دەمێنێتەوە .

**ماددەی نۆیەم :**

هەردوو برگەی (یەكەم وسێیەم) لە ماددەی (سێیەم) لە یاسایەكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**یەكەم :** ئەو تاك و قەوارانەی لە ئاكامی بڕیارەكانی دەستە زەرەرمەند بوون ، بۆیان هەیە لە ماوەی (سێ) رۆژدا لە رۆژی دوای بلاو بوونەوەی بڕیارەكە لەدوو رۆژنامەی رۆژانەی هەرێمدا ، تانەی لێ بدەن.

**سێیەم :** دەستەیەك لە دادگای تەمییزی هەرێمی كوردستان – عێراق كە لە سێ دادوەری ناتەرخان پێك دێت ، ئەركی تەماشاكردنی ئەو تانانە دەگرێتە ئەستۆ كە لەلایەن دەستە یان تاك یان قەوارەی زەرەرمەندەوە لە ئاكامی بڕیارەكانی دەستە لە كاتی پرۆسەی هەڵبژاردن ، رەوانەی دەكرێت و بڕیارەكانیشی لێبڕاوانەن و ، دادگای پێداچوونەوەش (تمییز) بۆی هەیە دەستەی دیكەی دادوەری بە گوێرەی خواستی كارەكەی پێك بهێنێت .

**ماددەی دەیەم :**

هەردوو برگەی ( یەكەم و سێیەم) لە ماددەی (سی و یەكەم)ی یاسایەكە هەموار دەكرێت و بەم جۆرەی دادێ دەخوێندرێتەوە:

یەکەم : وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە راوێژ لەگەڵ دەستەدا دیاری دەکرێت ، لە دەزگا هەمەجۆرەکانی راگەیاندنیشدا بە (٩٠) نەوەد رۆژ بەر لە وادەی دیاری کراو بۆ بەڕێوەچوونی ، رادەگەیەندرێت.
سێیەم : لە حالەتی ئەستەم بوونی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا ، ئەنجومەنەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بەردەوام دەبن تا ماوەیەك کە لە (٩٠) نەوەد رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی کۆتایی هاتنی خولەکەوە .

**ماددەی یازدەم :**

بنەچەی ماددەی (سی و دووەم) لە یاسایەکە دەبێتە بڕگەی (یەکەم)ی و بڕگەیەکی دیکەشی بە ریزبەندی (دووەم / ١ و ٢ و ٣) دەخرێتە سەر و بەم جۆرەی دادێ :

دووەم : دەنگدانی تایبەت و ئەمانە دەگرێتەوە :

١- سەربازان لە کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ تێکڕای دەزگاکانی دیکەی ئەمنی و ، شێوەی دەنگدانیشیان بە گوێرەی رێکاری تایبەت دەبێت کە دەستەی بالأی سەربەخۆی هەڵبژادنەکان دایدەنێت و تێدا پشت بەو لیستە فەرمییانە دەبەستێت کە ناو و شوێنیان تێدایە و لایەنانی سەرەوەش پەیوەست دەبن بە پێشکەش کردنی لە ماوەیەکدا کە کەمتر نەبێت لە (٦٠) شەست رۆژ بەر لە وادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و بە گوێرەی ئەوەش ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا دەسڕدرێتەوە و رۆژی دەنگدانی گشتیش مافی دەنگدانیان نابێت .

٢- بەندی و گیراوو دەستبەسەران بۆ دەنگدانیان پشت بە رێکارێك دەبەسترێت کە دەستەی بالأی سەربەخۆی هەڵبژاردن دای دەنێت و بە گوێرەی ئەو لیستانەی کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوخۆ لە ماوەیەکدا پێشکەشی دەکەن کە لە (٣٠) سی رۆژ کەمتر نەبێت لە رۆژی دەنگدانەوە .

٣- ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە و تیمارخانەکانی دیکەدا خەوتوون بە گوێرەی ئەو لیستانە دەبێت کە ئەم لایەنانە پێش دەست کردن بە دەنگدان پێشکەشی دەکەن و بە پێی ئەو رێکارانەش کە دەستەی بالأی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دای دەنێت .

**ماددەی دوازدەم :**

لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە وەزارەتی ناوخۆدا ئەرکی پاراستنی بنکەکانی دەنگدان دەگرنە ئەستۆ .

**ماددەی سێزدەم :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت .

**ماددەی چواردەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی پازدەم :** ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) دا جێبەجێ دەكرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**هەولێر**

٣٠/تشرینی دووەم/٢٠١١ی زایینی

٩/سەرماوەز/٢٧١١ی كوردی

٤/محرم/١٤٣٣ی كۆچی

## هۆیەكانی دەرچوونی

لەپێناو چەسپاندن و جێگیر كردنی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموكراتانە لە هەرێمی كوردستان – عێراقدا و ، لە پێناو دەستاو دەست كرنی ئاشتیانەی دەسەڵات و رێ خۆش كردن بۆ هاووڵاتی كە لە ژیانی ئازادانە بەهرەمەند بێت لە رێی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەوە و، بە مەبەستی بەرزكردنەوەی ئاستی ویستراو بە گوێرەی پێوەری پەیڕەو كراو و خواستەكانی میللەتەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

## بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ژمارەی بڕیار : ٢٦**

**مێژووی بڕیار : ٢٠١١/١١/١٦**

پشت بە حوكمی برگەی (٢) لە ماددەی (٤٤) چل و چواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەمواركراو ، پەرلەمانی كوردسان – عێـراق ، لەدانیـشتنی رۆژی ٢٠١١/١١/١٦ یـدا بڕیـاری ئەمـەی خوارەوەیدا :-

**یەكەم :** (رازاو محمود فرج)ی خاوەن زنجیرەی (٦٤) لە لیستی هەڵبژاردنی كوردستانی شوێنی ئەندامی پاڵێوراو (عبدالله علی ابراهیم حسین) لە ئەندامیەتی پەرلەمان دەگرێتەوە لەرۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە لە رۆژی ٢٠١١/١١/١٦ .

**دووەم :** (فرمان عزالدین محمود)ی خاوەن زنجیرەی (٢٩) لە لیستی هەڵبژاردنی گۆڕان ، شوێنی ئەندامی پاڵێوراو (د. شاهۆ سعید فتح الله) لە ئەندامیەتی پەرلەمان دەگرێتەوە لە رۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە لە رۆژی ٢٠١١/١١/١٦.

**سێیەم :** (قادر احمد سمایل)ی خاوەن زنجیرەی (٦٦) لە لیستی هەڵبژاردنی كوردستانی شوێنی ئەندامی پاڵێوراو (د. رفیـق صابر قادر طه) لە ئەندامیەتی پەرلەمان دەگرێتەوە لە رۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە لە رۆژی ٢٠١١/١١/١٦.

**چوارەم :** (دلشاد حسین قادر)ی خاوەن زنجیرەی (٣٠) لە لیستی هەڵبژاردنی گۆڕان ، شوێنی ئەندامی پاڵێوراو (د. زانا رؤوف حمە كریم) لە ئەندامیەتی پەرلەمان دەگرێتەوە لە رۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە لە رۆژی ٢٠١١/١١/١٦ .

**پێنجەم :** (ئاهەنگ عارف رؤوف)ی خاوەن زنجیرەی (٣١) لە لیستی هەڵبژاردنی گۆڕان ، شـوێنی ئەنـدامی پـاڵێوراو (د. پەریهان قوبلای محمد) لە ئەندامیەتی پەرلەمان دەگرێتـەوە لـە رۆژی سـوێند خـواردنی یاسـاییەوە لـە رۆژی ٢٠١١/١١/١٦.

**شەشەم :** (عبدالله محمد امین)ی خاوەن زنجیرەی (٣٢) لە لیستی هەڵبژاردنی گۆڕان ، شوێنی ئەندامی پـاڵێوراو (د. جعفـر علی رسول) لە ئەندامیەتی پەرلەمان دەگرێتەوە لە رۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە لە رۆژی ٢٠١١/١١/١٦ .

**حەوتەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەو لە ٢٠١١/١١/١٦وە جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وقایعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**

**( د.كەمال كەركووكی )**

**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

## بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٢٧**
**مێژووی بڕیار : ٢٠١١/١١/٢٨**

## بڕیار

پشت بە حوکمی مادده (٣٨)ی پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و دوابەدوای بڕیاری ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٦ پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (٢٧)ی رۆژی ٢٠١١/١١/٢٨ بڕیاری ئەمانەی خوارەوەیدا :

**یەکەم** : دانانی بەڕێز (قادر احمد سمایل) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایشی و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.

**دووەم** : دانانی بەڕێز (فەرمان عزالدین محمود) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .

**سێیەم** : دانانی بەڕێز (رازاو محمود فرج) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و ، لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و راگەیاندن و شوێنەوارەکان .

**چوارەم** : دانانی بەڕێز (دلشاد حسین قادر) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەردوو لیژنەی پەیوەندی و رۆشنبیری و راگەیاندن و شوێنەوارەکان و، لیژنەی نەزاهەت .

**پێنجەم** : دانانی بەڕێز (عبدالله محمد امین) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و، لیژنەی نەزاهەت .

**شەشەم** : ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونییەوە لە ٢٠١١/١١/٢٨ جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**
**( د.کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٢٨**
**مێژووی بڕیار : ٢٠١١/١١/٢٨**

## بڕیار

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کـراو و بـە پێـی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی ڕۆژی ٢٠١١/١١/٢٨ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بە:

**یەکەم :** ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای (دەوام کردن بە جلی کوردییەوە لە کۆبوونەوەی سەرەتای هەموو خـولێکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ) .

**دووەم :** ئــەم بڕیــارە لــە ڕۆژی دەرچــوونییەوە لــە ٢٠١١/١١/٢٨ کــاری پێــدەکرێ و لــە ڕۆژنامــەی فــەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**
**( د.کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

## بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ٢٩**
**مێژووی بڕیار : ٢٠١١/١١/٢٨**

## بڕیار

پشت بە حوكمەكانی بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار كراو و بە پێی ئەوەش كە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠١١/١١/٢٨ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق بڕیارماندا بە:

**یەكەم :** رەتكردنەوەی پێشنیاری یاسای (ئاوەدانكردنەوە و هاوچەرخ كردنی گوندەكان) .
**دووەم :** ئـەم بڕیـارە لـە رۆژی دەرچـوونییەوە لـە ٢٠١١/١١/٢٨ كـاری پێـدەكرێ و لـە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقایعی كوردستان)دا بڵاو دەكرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**
**( د.كەمال كەركووكی )**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**وەزارەتی ئــەوقــاف و كــاروبــاری ئــایینی**
**ژمارە :٧٣٥٠ لـــــە ٢٠١١/١١/١٦**

## بەیان

پاڵپشت بە ماددەی سێیەم بڕگە (یانزدە) و ماددەی شەشەم بڕگە (دوو) لە یاسـای وەزارەتـی ئـەوقاف و كاروبـاری ئایینی (ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ كـە تایبەتـە بـە بەڕێوەبەرایەتیـە گـشتیەكانی ئـەوقاف و كاروبـاری ئـاینی پارێزگاكان) و دوابەدوای فەرمانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٣٨ لـە ٢٠١١/١٠/٣) بـە دەسـت نیشان كردنی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر بڕیارماندا بە كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیەكە كە ئەم بەش و هۆبانە لە خۆ دەگرێت :

١. بەشی ژمێریاری .
٢. بەشی ژمێریاری پلان .
٣. هۆبەی ووردكاری .
٤. هۆبەی مووچە .
٥. هۆبەی دۆسیەكان .
٦. كۆگا .

**كامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی**

**وەزارەتی ئـەوقـاف و کـاروبـاری ئـایینی**
**ژمارە :٧٣٥١ لــــە٢٠١١/١١/١٦**

## بەیان

پاڵپشت بە ماددەی سێیەم بڕگە (یانزدە) و ماددەی شەشەم بڕگە (دوو) لە یاسـای وەزارەتـی ئـەوقاف و کاروبـاری ئایینی (ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە تایبەتـە بـە بەڕێوەبەرایەتیـە گـشتیەکانی ئـەوقاف و کاروبـاری ئـایینی پارێزگاکان) و دوابەدوای فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٣٨ لـە ٢٠١١/١٠/٣) بـە دەست نیشان کردنی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر بڕیارماندا بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی و میلاکات لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکە کە ئەم هۆبانە لەخۆ دەگرێت .

١. هۆبەی کارگێری و خزموتگوزاری .
٢. هۆبەی خۆیەتی .
٣. هۆبەی میلاکات .
٤. هۆبەی هاتوو دەرچوو .
٥. هۆبەی کۆمپیوتەر .
٦. هۆبەی دۆسیەکان .

**کامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقـاف و کـاروبـاری ئـایینی**

**وەزارەتی ئـەوقـاف و کـاروبـاری ئـایینی**

**ژمارە :٧٣٥٢ لـــــە ٢٠١١/١١/١٦**

## بەیان

پاڵپشت بە ماددەی سێیەم بڕگە (یانزدە) و ماددەی شەشەم بڕگە (دوو) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی (ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە تایبەتە بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگاکان) و دوابەدوای فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٣٨ لە ٢٠١١/١٠/٣) بە دەست نیشان کردنی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر بڕیارماندا بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئیسلامی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکە کە ئەم هۆبانە لە خۆ دەگرێ :

١. هۆبەی خوێندنی باڵا.
٢. هۆبەی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی .
٣. هۆبەی بروانامەکان .
٤. هۆبەی فەقێیان .
٥. هۆبەی سەرپەرشتیاران .

**کامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

وەزارەتی ئـەوقـاف و كـاروبـاری ئـایینی
ژمارە :٧٣٥٣ لــــە ٢٠١١/١١/١٦

## بەیان

پاڵپشت بە ماددەی سێیەم بڕگە (یانزدە) و ماددەی شەشەم بڕگە (دوو) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی (ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ كە تایبەتە بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی ئەوقاف و كاروباری ئایینی پارێزگاكان) و دوابەدوای فەرمانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٣٨ لە ٢٠١١/١٠/٣) بە دەست نیشان كردنی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر بڕیارماندا بە كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەكان و پشكنین لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكە كە ئەم هۆبانە لە خۆدەگرێت :

١. هۆبەی خۆیەتی فەرمانبەرانی مزگەوتەكان .
٢. هۆبەی پشكنین .
٣. هۆبەی كاروباری ئەنجومەنی زانستی .
٤. هۆبەی دۆسیەكان .
٥. هۆبەی كاروباری بڕوانامە زانستیەكان .

**كامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی**

وەزارەتی ئـەوقـاف و كـاروباری ئـايينی

ژمارە :٧٨٦٩ لــــە٢٠١١/١٢/٧

## بەيان

پاڵپشت بە ماددەی سێیەم بڕگە (یانزدە) و ماددەی شەشەم بڕگە(دوو) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروبـاری ئـایینی ( ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠٠٧ کە تایبەتە بە بەڕێوەبەرایەتیـە گـشتیەکانی ئـەوقاف و کاروبـاری ئـایینی پارێزگاکـان ) و دوابەدوای فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٣٨ لە ٢٠١١/١٠/٣ بە دەست نیشان کردنی بەڕێوەبـەری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر بریارماندا بە کردنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبانەی کە لــە خوارەوە دیاری کراون

یەکەم / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و مولکە وەقفیەکان و گرێبەستەکان ، کە ئەم هۆبانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت :

١- هۆبەی کاروباری یاسایی
٢- هۆبەی مولکە وەقفیەکان
٣- هۆبەی گرێبەستەکان
٤- هۆبەی ڕووپێوی

دووەم / بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەو ئاوەدانکردنەوە ، کە ئەم هۆبانە لە خۆ دەگرێت :-

١- هۆبەی نەخشەسازی
٢- هۆبەی پرۆژەکان
٣- هۆبەی کاروباری خێرخوازان
٤- هۆبەی دۆسیەکان

سێیەم / بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان ە بەدواداچوونەوە ، کە ئەم هۆبانە لە خۆ دەگرێت :-

١- هۆبەی پلان
٢- هۆبەی بەدواداچوونەوە
٣- هۆبەی ئامار

چوارەم / کردنەوەی ئەم بەش و هۆبانە کە ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەری گشتی دەبێت :

١- هۆبەی وردبینی ناوخۆ
٢- هۆبەی سکرتێر
٣- بەشی ڕاگەیاندن
٤- هۆبەی خامەی نهێنی

**کامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقـاف و کـاروبـاری ئـایینی**

**وەزارەتـــی نـــاوەخـــۆ**

**ژمارە ٣ لە ٢٠١١/١١/٢٩**

## بەيان

بە پێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

- گواستنەوەی شوێنی گوند سماقولی گەلی و لەبەر ئەوەی شوێنی کۆنی گوندەکە دەکەوێتە ژێرئاوی ئەو بەنداوەی کە بەنیازە دروست بکرێت .
- پەسند کردنی شوێنی نوێی گوندی سماقولی گەلی لەسەر زەوییەکانی ژمارە (٧ و٨ و ٩ و ١٠ و ٢١) کەرتی /٦٨/سماقولی گەلی/قەزای کۆیە وەکو ئەوەی لە نەخشە دیاری کراوە لە ڕۆژی دەرژوونی ئەم بەیانە .

**کـــريـــم ســـنجاری**

**وەزيـــری نـــاوخـــۆ**

---

**وەزارەتـــی نـــاوەخـــۆ**

**ژمارە ٤ لە ٢٠١١/١١/٢٩**

## بەيان

بە پێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

- گواستنەوەی شوێنی گوندی قەیسەری و لەبەر ئەوەی شوێنی کۆنی گوندەکە دەکەوێتە ناوچەیەکی شوێنەوارییەوە.
- پەسند کردنی شوێنی نوێی گوندی قەیسەری لەسەر زەوییەکانی ژمارە ( ١١,٢٦ ) کەرتی /٤٤/قەیسەری/قەزای کۆیە وەکو ئەوەی لە نەخشە دیاری کراوە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**کـــريـــم ســـنجاری**

**وەزيـــری نـــاوخـــۆ**

**وەزارەتـــــــــــى داد**

**ژمارە ٣٠ لە ٢٠١١/٢١/٤**

**بـــەيـــانى ژمارە (٣٠)**

بـــەپێی ئـــەو دەســـەلاٌتەی پێمانـــدراوە لـــە (مـــاددەی نۆیـــەم / بڕگـــە دوو) لـــە یاســـای وەزارەتـــی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :

کردنەوەی هۆبەی ڕێپێدان بۆ هەرسیٚ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

**دادوەر**

**رؤوف رشیـــــــــد**

**وەزیــــــــری داد**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة/١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٣) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١١/٩/٢٦ تشريع القانون الاتي:

## قانون رقم ( ١٣ ) لسنة ٢٠١١
## قانون إنفاذ قانون أصول المحاكمات الجزائية لقوى الأمن الداخلي العراقي رقم ( ١٧ ) لسنة ٢٠٠٨ في الاقليم

**المادة الأولى:**

إنفاذ قانون أصول المحاكمات الجزائية لقوى الأمن الداخلي العراقي رقم (١٧) لسنة ٢٠٠٨ في اقليم كوردستان ـ العراق والعمل بأحكامه.

**المادة الثانية:**

**أولاَ**: يوقف تطبيق الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٨) من القانون أعلاه ويحل محلها مايلي:

(**ثانياً**: يحل وزير الداخلية في اقليم كوردستان ـ العراق محل وزير الداخلية العراقي في تشكيل محكمة أو أكثر في الاقليم).

**ثانياً**: ايقاف العمل بالفقرة (ثالثاً) من المادة في الاقليم.

**المادة الثالثة:**

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب أينما ورد ذكرها في القانون.

**المادة الرابعة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة السادسة:**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

يعتبر القانون صادراً بمضي المدة القانونية لاصداره استناداً لحكم الفقرة /أولاَ/٢ من المادة العاشرة من قانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان ـ العراق**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة/١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٣) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١١/٩/٢٦ تشريع القانون الاتي:

## قانون رقم ( ١٤ ) لسنة ٢٠١١
## قانون إنفاذ قانون عقوبات قوى الأمن الداخلي العراقي رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٨ في الاقليم

**المادة الأولى:**

إنفاذ قانون عقوبات قوى الأمن الداخلي العراقي رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٨ في اقليم كوردستان ـ العراق والعمل بأحكامه.

**المادة الثانية:**

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب أينما ورد ذكرها في القانون.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

يعتبر القانون صادراً بمضي المدة القانونية لاصداره استناداً لحكم الفقرة (أولاً/٢) من المادة العاشرة من قانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قرار**

**رقم ( ٣٥ ) لسنة ٢٠١١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (١١) في ٢٠١١/١١/١ قررنا إصدار :

**قانون رقم ( ٢١ ) لسنة ٢٠١١**

**قانون التعديل الأول لقانون انتخابات مجالس المحافظات والاقضيةوالنواحي**
**في اقليم كوردستان – العراق رقم ( ٤ ) لسنة ٢٠٠٩**

**المادة الأولى :**

تضاف الفقرات (سادساً ، سابعاً ، ثامناً و تاسعاً ) الى (المادة الاولى ) من القانون وكالآتي :

**سادساً :** القائمة المفتوحة المحدودة : قائمة تتضمن اسماء المرشحين للانتخابات حيث يحق للناخب التصويت للقائمة وأحد المرشحين فيها أو للقائمة وحدها .

**سابعاً :** القائمة الفردية : القائمة التي يرشح بموجبها فرد للانتخابات على أن يكون مسجلاً لدى الهيئة .

**ثامناً :** سجل الناخبين الابتدائي : السجل الذي يحوي أسماء وبيانات الناخبين والذي يتم اعداده ونشره من قبل الهيئة للاطلاع عليه وتقديم الطعون بشأنه .

**تاسعاً :** سجل الناخبين النهائي : سجل لأسماء وبيانات الناخبين غير القابل للطعن فيه والذي يتم نشره بعد انتهاء فترة الاعتراض .

**المادة الثانية :** تعدل الفقرة ( رابعاً ) من المادة الثالثة من القانون وتقرأ كالآتي :

( **رابعاً :** مسجلاً في سجل الناخبين في المحافظة التي تجرى فيها الانتخاب حصراً ووفقاً لأحكام هذا القانون والتعليمات التي ستصدر من الهيئة ) .

**المادة الثالثة :** تعدل الفقرة ( أولاً /٤ ) من المادة الخامسة من القانون وتقرأ كالآتي :

٤- أن يكون من ابناء الوحدة الادارية ومسجلاً في سجل الناخبين ضمن الدائرة الانتخابية .

**المادة الرابعة :** تلغى المادة (السادسة ) من القانون ويحل محلها الاتي :

**المادة السادسة :** يعتمد نظام التمثيل النسبي لانتخابات مجالس المحافظات والاقضية والنواحي وفق القائمة المفتوحة المحدودة .

**المادة الخامسة :**

تعدل الفقرة (أولاً) من المادة السابعة من القانون وتقرأ كالآتي :

(**أولاً:** يجوز الترشيح للقوائم المشاركة في الانتخابات بحيث لايزيد عدد المرشحين في القائمة عن ضعف عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابية ) .

**المادة السادسة :**

تلغى المادة (الثامنة) من القانون ويحل محلها مايلي :

**المادة الثامنة :**

**اولاً:** تجمع الاصوات الصحيحة في الدائرة الانتخابية وتقسم على عدد المقاعد المخصصة لتلك الدائرة للحصول على القاسم الانتخابي .

**ثانياً :** تجمع الاصوات الصحيحة التي حصلت عليها القائمة في الدائرة الانتخابية وتقسم على القاسم الانتخابي لتحديد عدد المقاعد المخصصة لتلك القائمة .

**ثالثاً :** يعاد ترتيب مرشحي القائمة على اساس عدد الاصوات الحاصل عليها كل مرشح ويوضع المرشح الحاصل على اكبر عدد من الاصوات في المقدمة وهكذا الى نهاية القائمة على ان توضع امرأة ضمن كل ثلاثة مرشحين في القائمة بغض النظر عن عدد اصوات المرشحين الرجال لضمان تحقيق تمثيل النساء بنسبة لاتقل عن (٣٠٪) من مقاعد الدائرة الانتخابية الواحدة .

**المادة السابعة :**

تلغى المادة (التاسعة) من القانون ويحل محلها الآتي :

**المادة التاسعة :**

**أولاً :** توزع الاصوات التي تحصل عليها القائمة على مرشحي القائمة التي وردت في الفقرات (أولاً و ثانياً) من المادة (الثامنة) من القانون اعلاه .

**ثانياً :** يشترط لفوز القائمة المنفردة بمقعد وصوله الى القاسم الانتخابي على الاقل .

**ثالثاً:** توزع المقاعد الشاغرة عند وجودها على القوائم المشاركة باعتماد الباقي الأقوى .

**رابعاً :** في حالة تساوي عدد أصوات المرشحين الفائزين في القائمة الواحدة ، يتم اللجوء الى القرعة شرط ان لاتؤثر على نسبة تمثيل النساء .

**المادة الثامنة :**

تلغى المادة ( العاشرة ) من القانون ويحل محلها مايلي :

**المادة العاشرة :**

**اولاً** : اذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي له في عدد الأصوات الحاصل عليها في قائمته

**ثانياً:** إذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين او قائمة منفردة يخصص المقعد الى مرشح آخر من قائمة اخرى باعتماد الباقي الأقوى وبخلافه يبقى المقعد شاغراً .

**المادة التاسعة :**

تعدل الفقرتان (أولاً و ثالثاً) من المادة (الثلاثون ) من القانون وتقرأ كالاتي .

**أولاً** : للأفراد والكيانات المتضررة جراء قرارات الهيئة الطعن فيها خلال (ثلاثة) ايام من اليوم التالي لنشر القرار في صحيفتين محليتين يوميتين في الاقليم .

**ثالثاً** : تتولى هيئة في محكمة تمييز اقليم كوردستان – العراق تتكون من ثلاثة قضاة غير متفرغيين للنظر في الطعون المحالة اليها من قبل الهيئة او الأفراد او الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة خلال العملية الانتخابية وتكون قراراتها باتة ، ولمحكمة التمييز تشكيل هيئات قضائية أخرى حسب متطلبات عملها .

**المادة العاشرة :** تعدل الفقرتان (أولاً و ثالثاً) من المادة (الحادية والثلاثون ) من القانون ، وتقرآن كالآتي :

**أولاً:** يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس الوزراء بالتشاور مع الهيئة يلعن عنه بوسائل الاعلام المختلفة قبل الموعد المحدد لاجرائه بـ(٩٠) تسعين يوماً .

**ثالثاً** : في حالة تعذر اجراء الانتخابات ، تستمر المجالس في ادارة شؤونها لمدة لاتزيد على (٩٠) تسعين يوماً اعتباراً من تاريخ انتهاء الدورة .

**المادة الحادية عشرة :**

تكون اصل المادة (الثانية والثلاثون ) من القانون فقرة (أولاً) لها وتضاف اليها فقرة اخرى بتسلسل (ثانياً / ١و٢و٣ ) و كالآتي :

**ثانياً** : التصويت الخاص ويشمل :

١- العسكريين من منتسبي وزارة البيشمەرگە والداخلية وكافة المؤسسات الأمنية الاخرى وتكون طريقة تصويتهم وفقاً لاجراءات خاصة تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات وتعتمد فيها على قوائم رسمية تتضمن الاسماء والمواقع وتلتزم الجهات اعلاه بتقديمها خلال مدة لاتقل عن (٦٠) ستين يوماً من موعد اجراء الانتخابات وبناءً عليه تشطب اسمائهم من سجل الناخبين وليس لهم حق التصويت يوم الاقتراع العام .

٢- النزلاء والمعتقلين والمحتجزين ويعتمد في تصويتهم على اجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات بناءاً على قوائم تقدمها وزارة العمل والشؤون الاجتماعية والداخلية خلال مدة لاتقل عن (٣٠) ثلاثين يوماً قبل يوم الاقتراع .

٣- المرضى الراقدين في المستشفيات والمصحات الاخرى ويكون بناءاً على قوائم تقدمها هذه الجهات قبل المباشرة بالاقتراع ووفقاً لاجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات .

**المادة الثانية عشرة :** تتولى قوى الامن الداخلي في وزارة الداخلية أمر حماية المراكز الانتخابية خلال العملية الانتخابية .

**المادة الثالثة عشرة :** لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون .

**المادة الرابعة عشرة :** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الخامسة عشرة :** ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر**

**٣٠/تشرينى الثاني/٢٠١١ى ميلادية**

**٩/سـەرمـاوەز/٢٧١١ى كوردية**

**٤/محـرم/١٤٣٣ى هجرية**

## الاسباب الموجبه

لأجل توطيد وترسيخ الانتخابات الحرة والديمقراطية في إقليم كوردستان – العراق ، ومن اجل التداول السلمي للسلطة وتمكين المواطن من التمتع بحياة حرة من خلال انتخابات حرة عادلة ، وبغية الارتقاء بالمستوى المطلوب وفق المعايير المعتمدة والمطالب الشعبية ، فقد شرع هذا القانون .

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان – العراق**
**رقم القرار : ٢٦**
**تاريخ القرار : ٢٠١١/١١/١٦**

## قرار

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٤) الرابعة و الاربعون من قانون انتخاب برلمان كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، قرر برلمان كوردستان – العراق في جلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠١١/١١/١٦ الآتي :

**أولاً :** تحل (رازاو محمود فرج) ذات التسلسل (٦٤) من القائمة الانتخابية الكوردستانية محل العضو المرشح (عبدالله على ابراهيم حسين) في عضوية البرلمان اعتباراً من تاريخ ادائها اليمين القانونية في ٢٠١١/١١/١٦ .

**ثانياً :** يحل (فرمان عزالدين محمود) ذات التسلسل (٢٩) من القائمة الانتخابية التغير محل العضو المرشح (د. شاهو سعيد فتح الله) في عضوية البرلمان اعتباراً من تاريخ ادائها االيمين القانونية في ٢٠١١/١١/١٦ .

**ثالثاً :** يحل (قادر احمد سمايل) ذات التسلسل (٦٦) من القائمة الانتخابية الكوردستانية محل العضو المرشح (د. رفيق صابر قادر طه) في عضوية البرلمان اعتباراً من تاريخ ادائها اليمين القانونية في ٢٠١١/١١/١٦ .

**رابعاً :** تحل (دلشاد حسين قادر) ذات التسلسل (٣٠) من القائمة الانتخابية التغيرمحل العضو المرشح (د. زانا رؤوف حمه كريم) في عضوية البرلمان اعتباراً من تاريخ ادائها اليمين القانونية في ٢٠١١/١١/١٦ .

**خامساً :** تحل (ئاهەنگ عارف رؤوف) ذات التسلسل (٣١) من القائمة الانتخابية التغير محل العضو المرشح (د. پريهان قبلاى محمد) في عضوية البرلمان اعتباراً من تاريخ ادائها اليمين القانونية في ٢٠١١/١١/١٦ .

**سادساً :** يحل (عبدالله محمد امين) ذات التسلسل (٣٢) من القائمة الانتخابية التغير محل العضو المرشح (د. جعفر على رسول) في عضوية البرلمان اعتباراً من تاريخ ادائها اليمين القانونية في ٢٠١١/١١/١٦ .

**سابعاً :** يعتبر هذا القرار نافذاً من تأريخه في ٢٠١١/١١/١٦ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**محمد قادر عبدالله**
**( د. كمال كركوكي )**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم القرار : ٢٧**

**تاريخ القرار : ٢٠١١/١١/٢٨**

## قرار

استناداً لحكم المادة (٣٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان – العراق رقم (١) لسنة١٩٩٢ المعدل ، و الحاقاً بالقرار المرقم (١) في ٢٠٠٩/١٠/٦ ، قرر البرلمان بجلسته المرقمة (١٣) و المنعقدة بتأريخ ٢٠١١/١١/٢٨ مايلي :

**اولاً :** اضافة السيد (قادر احمد سمايل) عضو برلمان كوردستان – العراق الى لجنة الداخلية و الأمن و المجالس المحلية .

**ثانياً :** اضافة السيد (فرمان عزالدين محمود) عضو برلمان كوردستان – العراق الى لجنة التربية و التعليم العالي و البحث العلمي .

**ثالثاً :** اضافة السيدة (رازاو محمود فرج) عضوة برلمان كوردستان – العراق الى لجنتي شوؤن البيشمەرگه و الشهداء و ضحايا الجينوسايد ، و لجنة العلاقات و الثقافة و الاعلام و الآثار .

**رابعاً :** اضافة السيد (دلشاد حسين قادر) عضو برلمان كوردستان – العراق الى لجنتي العلاقات و الثقافة و الاعلام و الآثار ، ولجنة النزاهة .

**خامساً :** اضافة السيد (عبدالله محمد امين) عضو برلمان كوردستان – العراق الى لجنتي الشؤون القانونية ، ولجنة النزاهة .

**سادساً :** يعتبر نافذاً من تأريخ اقراه في ٢٠١١/١١/٢٨ ، و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**محمد قادر عبدالله**
**( د. كمال كركوكي )**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

## بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان – العراق**
**رقم القرار : ٢٨**
**تاريخ القرار : ٢٠١١/١١/٢٨**

## قرار

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، بناءً على ماجاء في جلسة برلمان كوردستان – العراق الاعتيادية المرقمة (١٣) المنمعقدة بتأريخ ٢٠١١/١١/٢٨ تقرر مايلى :

**أولاً :** رفض المقترح بقانون (حضور الأعضاء الكورد في برلمان كوردستان بالزي الكوردي في الاجتماع الافتتاحي الأول لجميع دورات البرلمان) .
**ثانياً :** يعتبر القرار نافذاً من تأريخ اتخاذه في ٢٠١١/١١/٢٨ ، و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**محمد قادر عبدالله**
**( د. كمال كركوكي )**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم القرار : ٢٩**

**تاريخ القرار : ٢٠١١/١١/٢٨**

## قرار

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، بناءً على ماجاء في جلسة برلمان كوردستان – العراق الاعتيادية المرقمة (١٣) المنعقدة بتأريخ ٢٠١١/١١/٢٨ تقرر مايلى :

**أولاً :** رفض المقترح بقانون (أعمار و عصرية القرى) .

**ثانياً :** يعتبر القرار نافذاً من تأريخ اتخاذه في ٢٠١١/١١/٢٨ ، و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**محمد قادر عبدالله**
**( د. كمال كركوكي )**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**